لە جامی ئەڵمانیا بروسیا دەرتەند بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر بە شتوتگارت دەڕا



لە یارییەکانی جامی ئەڵمانیا و لە قۆناغی 16 یانەی بروسیا دەرتەند لە دەرەوەی یاریگای خۆی رووبەرووی یانەی شتوتگارت بووەوە.

لە تایمی یەکەم هەردوو یانە بەبەهێزی دەستیان پێکرد و چەندین هەلی گۆڵکردنیان لەدەستدا و تایمەکە بەبێ گۆڵ کۆتای هات.

لە تایمی دووەمدا یانەی شتوتگارت باشتر بینرا و لە خولەکی 55 گۆڵی پێشکەوتنی تۆمارکرد لەلایەن سیرۆ گوراسی و لە خولەکی 77 سیلاس وامانجیتوکا دووەم گۆڵی شتوتگارت تۆمارکرد.

سەرەنجام یانەی بروسیا دەرتەند بە دوو گۆڵی بەبەرامبەر بە شتوتگارت دەڕا و ماڵئاوایی لە جامی ئەڵمانیا کرد و یانەی شتوتگارت گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامەکە.

لە یارییەکی تردا یانەی بایەر لیڤەرکوزن لە یاریگای خۆی میواندارێ یانەی بادربۆرن کرد و یارییەکەشی بە سێ گۆڵ بەرامبەر گۆڵێک بردەوە و بە سەرکردایەتی ئەڵەنسۆ هاڤەنەری گەیشتە قۆناغی چارەکی کۆتایی جامی ئەڵمانیا